گوڵان
ژمارە (٧٣٥)
٢٠٠٩/٦/١



## لە وڵامێکی بەهێزی رەخنەگرانیدا

# بە ئەنجام و ئاست یانەی هەولێر گەیشتە ق

هەفتەی رابردوو لە وڵاتی ئیمارات یانەی هەولێر بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا توانی بگاتە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا دوای ئەوەی توانی لە یانەی زەورا بباتەوە بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ، گۆڵەکانیش لە رێگای یاریزانان ئەحمەد سەڵاح و لوئەی سەڵاح و ئەحمەد عەبد عەلی کوبی تۆمارکران، بگەڕێنەوە سەر یارییەکەی یانەی هەولێر لەم یارییە توانی جوانترین ئاستی خۆی لەم پاڵەوانتیدا و لە وەرزی ئەمساڵ نیشان بدات دوای ئەوەی هەر لە سەرەتای یارییەکە تا کۆتایی کۆنترۆڵی یاریگایان کردبوو هەروەها راهێنەر سائیر ئەحمەد بە پێکهاتە و تەکتیکێ جیاواز لەگەڵ یاری رابردووی هەولێر بەرامبەر عەرەبی یاری کرد و توانی گشت خاڵە لاوازکانی یانەی هەولێر لە هێڵی بەرگری چارەسەر بکات، ئەوەی جێگای دڵخۆشکەر بوو یاریزان دیار رەحمان لەم یارییە ئاستێکی یەکجار بەرزی نیشاندا ئەوەی سەلماند کە هیچ شتێکی لە یاریزانە سەرەکییەکان کەمتر نییە لە هەمان کاتدا یاریزان موسلیم موبارەك ئاستێکی بەرزی نیشان دا کە بە تەنیا توانی یاری بە یاریزانانی هێڵی بەرگری یانەی زەورا بکات، سائیر ئەحمەد زیرەکانە یاری بە موسلم موبارەکی کرد کاتێك لە نێو یاریگا وەکو یاریزانێکی سەربەخۆ یاری پێکرد بۆیە لە هەموو شوێنێك بوو، بەڵام موسلم زوو لە بڕیارەکانی ناوبژیوان هەڵدەچێت ئەمەش بووە هۆی وەرگرتنی کارتی زەرد، ئەمەش سێیەم کارتی زەردە بۆ موسلم موبارەك لە چوار یاری ئەمەش ژمارییەکی زۆرە بۆ یاریزانێك لە هێڵی هێرشبەر یاری بکات بۆیە دەبێ ئەم یاریزانە بە خۆی دابچێتەوە لە یارییەکانی داهاتوو، هەروەها یاریزان حەیدەر جەبار کە ماوەییەکی زۆرە لە یاریگا دوور بوو بە هۆی پێکان و یاری پێ نەکردنی لە لایەن راهێنەری یانە لەم یارییە سەلماندی کەوا لە لایەن راهێنەر غەدری لێ دەکرێت دوای ئەوەی توانی ئاستێکی بەرزی نیشاندا و لەگەڵ ئەمەشدا یاریزانەکانی تر وەکو ئەحمەد عەلی و ئەحمەد سەلاح و لوئەی سەڵاح و هەردی نورەدین و حوسێن عەبدولواحد و خەلدون ئیبراهیم توانیان ئاستێکی بەرز نیشان بدەن، بەڵام ئەوەی جێگای سەیرە ئەوە دوو یاری لەسەر یەکدی ئاستی یاریزانی بە توانا یاسر رەعد وەکو پێوست نییە هەڵەی کوشندە لە یارییەکان ئەنجام دەدات بۆیە دەبێت ئەم یاریزانە لە یارییەکانی داهاتوو بەخۆی دابچێتەوە، هەرچەندە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە یاریزان سامال سەعید یاریزانێکی زۆر بە توانایە لە هێڵی بەرگری، بەڵام تووشی لەخۆ بایی بووە دوای ئەوەی بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوە دەبێ ئەم شتەش چارەسەر بکرێت، هەرچەندە یانەی هەولێر ئاستێکی زۆر بەرزی لەم یارییە نیشان دا، بەڵام دوای گۆڵی سێیەم تێبینی ئەوەمان کرد کەوا یاریزانی یانەی هەولێر شێوازی یاریکردنیان گۆرا، هەلەی ئاسنیان لە دەستدا و هەروەها لێهاتووی جەستەیی یانەی هەولێر لە (٥) خولەکی کۆتایی دابەزی یاریزانەکان لە هێڵی بەرگری سەر نەدەکەوتن راستە لە ئیمارات (شێ) هەیە، بەڵام ئەمە بیانوو نییە چونکە یاریزانانی یانەی زەورا تا دوا ساتەکانی یارییەکە بەهەمان شێوە یارییان دەکرد و هێرشیان دەبرد دەبێ راهێنەری یانەی هەولێر چارەسەرێك بۆ ئەم شتە بدۆزێتەوە.

### ئەم ناوبژیوانانە چۆن بوونەتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی؟

ئەوەی جێگای داخ بوو لەم یارییە ئاستی هەر سێ ناوبژیوانی یارییەکە بوو، بە تایبەتی ئاستی ناوبژیوانی ناوەراست کە گوایە وەرزی رابردوو لە باشترین (١٠) ناوبژیوانی ئاسیا دەست نیشان کراوە، چونکە لە یارییە دوو لێدانی سزای راستەقینەی بۆ یانەی هەولێر نەژمارد لە هەمان کاتیشدا




لێدانێکی سزای نادروستی بۆ یانەی زەورا تۆمار کرد ئەمە بە هیچ شێوەییەك نابێتە لێدانی سزا، هەروەها هەردوو یاریدەدەری ناوبژیوان یارییەکە بەراستی ئاستیان زۆر نزم بوو، سەیرم پێدێت چۆن بوینە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی نازانن ئۆفساید بگرن، چونکە لەم یارییە دوو ئۆفسایدی دژی هەولێر و زەورا گرت بەهیچ شێوەیەك ئۆفساید نەبوو.

**رەخنەی رۆژنامەنووسان و وەڵامدانەوەی هەولێر لە یاریگا**

تا ماوەیەکی زۆر من وام دەزانی تەنیا رۆژنامەنووسەکانی عەرەب واتە عێراق و دانیشتووانی عێراق جگە لە کوردستان دژی یانەی هەولێرن و رەخنە لە یانەی هەولێر دەگرن لە بچووکترین شت، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ بۆم دەرکەوت کەوا لە کوردستانیش یانەی هەولێر دوژمنی زۆرە، چونکە هەر رۆژنامەیەك دەکەیتەوە رەخنە لە یانەی هەولێر دەگیرێت جا رەخنەکە هەر چۆنێك بێت هەر کەسێك بۆ بەرژەوەندی خۆی رەخنە دەگرێت جا ئەم کەسە کەیفی بە هەندێ لە ئەندامانەی دەستەی کارگێڕی نایت یاخود دژی بوونی هەندێك لە یاریزانەکانە...هتد، ئەگەر یانەی هەولێر یاریەك بدۆڕێ یاخود یەکسان بێت ئەوە هەندێك لە رۆژنامەنووسەکان بەشێوەیەکی زۆر سەیر هێرش دەکەن بە بیانووی زۆر سەیر، بۆ نموونە یانەی هەولێر لە یارییەکی بەرامبەر یانەی عەرەبی کوێتی پێش دەست پێکردنی یارییەکە یانەی هەولێر سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتووی مسۆگەر کردبوو، بۆیە یاریزانەکان بە شێوازێکی خاو یارییان کرد یاخود راهێنەر تەکتیکی خۆی دانەبوو کەوا بۆ بەرژەوەندی یانەی هەولێر لەگەڵ یانەی زەورا یاری بکات باشترە بۆیە بەم شێوەیە یارییان کرد، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە بۆ سبەی رۆژنامەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر یانەی هەولێر باسی شتی دوور لەم یارییان دەکرد وەکو دەڵێن ( ئەوەی بن بەرێ هاتە سەر بەرێ )، بەڵام دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی و لە مێژووی یانەکانی کوردستان بگاتە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا لە دەستکەوتێکی مەزن دا کەچی کاردانەوەی رۆژنامەکان وەکو پێویست نەبوو هەندێکیان بە هەواڵێکی بچووك باسی یارییەکەیان کردبوو هەندێکیان تەنیا ئاماژیان پێ کردبوو هەندێکیش هەر باسی نەکردبوو هەموو باس باسی یاری بەرشلۆنە و مانچستەر بوو ئایا ئەمە راستە ئەگەر رۆژنامەکانی خۆمان دەستخۆشی نەکەین چۆن چاومان لە رۆژنامەکانی عەرەبی بێت ستایشی یانەی هەولێر بکات یاخود باسی یانەی هەولێر بکات.

لە کۆتاییشدا بە باشمزانی باسی ئەم شتانە بکەم چونکە ئەگەر ئێمە خۆمان لەگەڵ یەکدی راست نەبین چۆن بمانەوی کەسانی بێگانە لەگەڵ ئێمە راست بێت، پێمان خۆش بێت و ناخۆش بێت یانەی هەولێر نوێنەری کوردستانە لە عێراق و ئاسیا هەردەم بە دەستکەوتەکانی ناوی کوردستانی بەرز کردۆتەوە هیوادارەم لە داهاتوو بە تایبەتی لە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا و خولی پلە نایابەکانی عێراق پشتگیری یانەی هەولێر بکەن، چونکە یانەی هەولێر پێویستی بە پشتگیری جەماوەر و رۆژنامەنووسان هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە وەرزی ئەمساڵ دەستکەوتێکی گەورە بە دەستبهێنێت.








# دوای کۆتایی هاتنی خولی

# سەرژمێریەکی گشت

# ٢٠٠٩-وەرز



**دوای ئەوەی یانەی بەرشلۆنە توانی بۆ جاری سێیەم لەسەر مێژووی ببێتە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و توانی لەم وەرزدا ببێتە خاوەنی سێ جامی گەورە ئەویش خولی ئیسپانیا و جامی ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، ئێمە بە پێویستمان زانی سەرژمێریەکی تەواو لەسەر ئەم پاڵەوانێتیە لە وەرزی ئەمساڵ بۆ خوێنەرانی ئازیز بڵاوبکەینەوە.**

### میسی بووە گۆڵکار

یاریزانی بە توانای یانەی بەرشلۆنە لیۆنێل میسی بە فەرمی بووە گۆڵکاری ئەم خولە دوای ئەوەی توانی (٩) گۆڵ تۆمار بکات کە گرنگتریان گۆڵی دووەم بوو دژی یانەی مانچستەر یۆنایتد لە یاری کۆتایی و هەر یەکە لە یاریزانان جیرارد یاریزانی یانەی لیڤەرپوول و کلۆزە یاریزانی یانەی بایەرن میونیخ بە پلەی دووەم هاتن دوای ئەوەی توانیان هەر یەکە ٧ گۆڵ تۆمار بکەن و یاریزانی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی لیساندرۆ توانی ٦ گۆڵ تۆمار بکات بە پلەی سێیەم بێت و یاریزانان ئەلیساندرۆ دیل پێرۆ یاریزانی یانەی یۆڤانتس و کەریم بنزیمە یاریزانی یانەی لیۆن و ڤان پێرسی یریزانی یانەی ئەرسەناڵ و تێری هێنری یاریزانی یانەی بەرشلۆنە بە پلەی چوارەم هاتن بە تۆمار کردنی ٥ گۆڵ.

### ژاڤی پاشای ئەورووپایە لە دروستکردنی گۆڵ

یاریزانی بە توانای ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە ژاڤی پاشای ئەورووپایە لە دروستکردنی گۆڵ بۆ هاورێیەکانی توانی لە وەرزی ئەمساڵدا ٧ گۆڵ بۆ یاریزانەکانی هاورێی دروست بکات کە گرنگتریان ئەو تۆپە جوانەی بۆ لیۆنیل میسی بەرزکردەوە لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بەراستی ژاڤی پاشای هێڵی ناوەراستە لە جیهان، لە پلەی دووەم یاریزانی یانەی بایەرن میونیخ فرانك ریبیری دێت ئەویش ٦ گۆڵی بۆ هاورێیەکانی دروست کردوە و هەریەکە لە یاریزانان لیونێل میسی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و فابریگاس یاریزانی یانەی ئەرسەناڵ و فران لامبارد یاریزانی یانەی چێلسی بە پلەی سێیەم دین دوای ئەوەی (٥) گۆڵیان بۆ هاورێیەکانیان دروستکردووە.


### ئاراستەی کردنی تۆپ بۆ گۆڵ

کریستیانۆ رۆناڵدۆ زیاترین یاریزانە کە تۆپ ئارستەی گۆڵ دەکات دوای ئەوەی لەم پالەوانتیە کە تیاییدا رۆنالدۆ ٣٤ تۆپی ئارستەی گۆڵ کردەوە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، لە پلەی دووەم یاریزانی یانەی پۆرتۆ لیساندرۆ دێت ئەویش ٢٣ تۆپی ئارستەی گۆڵ کردەوە دوای ئەویش یاریزان فرانك لامپارد دێت کە ١٨ تۆپی ئارستەی گۆڵ کرد.

### کەوتنە داوی ئۆفساید

یاریزانی یانەی ئەرسناڵ ئیمانوێل ئەدیبایۆر زۆرترین یاریزانە دەکەوێتە داوی یاریزانانی هێڵی بەرگری ئۆفسایدی لە دژی دەگیرێ دوای ئەوەی لە وەرزی ئەمساڵی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا نزیکەی ٢٣ جار ئۆفسایدی لە دژی گیراوە، دوارت یاریزانی یانەی لیۆنی فەرەنسی کەریم بنزیمە دێت ئەویش نزیکەی ١٦ ئۆفسایدی لەسەر گیراوە لە پلەی سێیەم یاریزانی یانەی پاناسیناکۆس مانتزیۆس دێت کە نزیکەی ١٥ ئۆفسایدی لەسەر گیراوە.





# یانە پاڵاوانەکانی ئەوروپا
# ...یی لەسەر پاڵەوانیەتیی
# ...زی ٢٠٠٨



### وەرگرتنی کارتی زەرد وسوور

هەردوو یاریزانی لیۆنی فەرەنسی جۆنینۆ و کریس و یاریزانی یانەی ڤێردەر بریمن فرینگز زۆرترین یاریزانن لەم پاڵەوانتیە کە کارتی زەردیان وەرگرتووە ئەویش ٥ کارتی زەردە دواتر هەریەکە لە بیریا یاریزانی ئەتلتیکۆ مەدرید و محەمەد سیسۆکۆ یاریزانی یانەی لیڤەرپوول بە پلەی دووەم دین دوای ئەوەی ٤ کارتی زەردیان وەرگرتووە.

### بەهێزترین هێڵی هێرشبەر

یانەی بەرشلۆنە بەهێزترین هێڵی هێرشبەری هەیە کە توانی لە وەرزی ئەمساڵ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٣٢ گۆڵ تۆمار بکەن ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە لە پلەی دووەم یانەی بایەرن میونیخ دێت کە توانیان ٢٥ گۆڵ تۆمار بکەن دواتر لە پلەی سێیەم یانەی لیڤەرپوول بە تۆمارکردنی ٢١ گۆڵ دێت و لە پلەی چوارەم یانەی چێلسی ٢٠ گۆڵ و لە پلەی پێنجەم یانەی مانچستەر یونایتد ١٨ گۆڵی تۆمار کردووە.

### لاوازترین هێڵی بەرگری

یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە خاوەنی لاوازترین هێڵی بەرگرییە چونکە لەم پاڵەوانتیە ٢٠ گۆڵی لێکراوە دواتر لە پلەی دووەم یانەی بازلی سویسری و لیۆنی فەرەنسی دێت ئەویش ١٦ گۆڵیان لێ تۆمار کراوە.

ئەوەی جێگای باسە لە خولەکی (١) تا خولەکی (١٥) لەم پاڵەوانتەیە (٥٣) گۆڵ تۆمار کراوە و لە خولەکی (١٦) تا خولەکی (٣٠) (٥٢) گۆڵ تۆمار کراوە و لە خولەکی (٣١) تا خولەکی (٤٥) (٤٣) گۆڵ تۆمار کراوە و لە کاتی زیادکراوەی گێمی یەکەم (٨) گۆڵ تۆمار کراوە، لە گێمی دووەم لە خولەکی (٤٦) تا خولەکی (٦٠) (٤٥) گۆڵ تۆمار کراوە و لە خولەکی (٦١) تا خولەکی (٧٥) (٦١) گۆڵ تۆمارکراوە و لە خولەکی (٧٦) تا خولەکی (٩٠) (٥٥) گۆڵ تۆمار کراوە و لە کاتی زیادکراوەی گێمی دووەم (١٢) گۆڵ تۆمار کراوە کۆی گشتی گۆڵەکان (٣٢٩) گۆڵە.

زۆرترین یاری گۆڵی لێ تۆمار کرابێت یاری نێوان ڤیاریاڵ و ئەلبۆرگی دانیمارکی بوو کە تیاییدا یانەی ئەلبۆرگ توانی بە ئەنجامی (٦-٣) گۆڵ یارییەکە بباتەوە، زۆرترین یاری تۆپ ئاراستەی گۆڵ کرابێت یاری نێوان هەردوو یانەی رۆما و ئەرسەناڵ بوو کە نزیکەی ٢٤ تۆپ ئاراستەی گۆڵ کراوە، زۆرترین یاری لێدانی کۆرنا ژماردراوە ئەویش لە یاری نێوان هەردوو یانەی رۆما و ئەرسەناڵ بوو کە نزیکەی (١٩) کۆرنا بۆ هەردوو یانە ژمێردراوە، زۆرترین ئۆفساید لە یاری نێوان هەردوو یانەی ئەرسەناڵ و فنەرباخچە بوو کە نزیکەی (١٤) ئۆفساید گیراوە، زۆرترین یاری فاولی تێدا ژمێردراوە یاری نێوان هەردوو یانەی پاناسیناکۆس و ئەنۆرسیۆسی قوبرسی بوو کە زیاتر لە (٤٩) فاول گیراوە بۆ هەردوو یانە، زۆرترین کارتی زەرد ئاراستەی یاریزانەکان کرابێت لە یاری نێوان هەردوو یانەی بۆردۆی فەرنسی و کلوج رۆمانی و هەروەها لە یاری نێوان هەردوو یانەی ستیوا بۆخارستی رۆمانی و ڤیرۆنتنا ئیتالی بوو کە نزیکەی (٩) کارتی زەرد ئاراستەی یاریزانەکان کرا.

# ناچمە یانەی ئەی سی میلان و یانەی مانچستەر یۆنایتد شوێنی منە



**زۆر کەس باس لەوەدەکەن سربی نیامنیا ڤیدیتج یەکێکە لە هۆکارە بەهێزەکانی ئامێری سەرکەوتنەکانی یانەی مانچستەر یۆنایتد ناوەزەندی دەکەن وەکو یاریزان و ئەفسانەی هێڵی بەرگری پێشوو ستیف برۆس دەناسرێ، ئەمەو یاریزانی هێرشبەری ئەرسناڵ ئیمانویل ئەدیبایۆر دەڵێ: ڤیدیتج باشترین یاریزانی هێڵی بەرگری جیهانە، یاریزانی ناوبراو زۆر بەخێرایی ناوبانگ و بڕی بۆندی زیادی کرد، بەڵام زۆری پێ نەچوو کەوتە بەر شاڵاوی رەخنە گرتن و بە دوو هەڵەی گەورە تاوانباریان کرد لە یاری لەگەڵ لیڤەرپوول کە بە ئەنجامی (١-٤) گۆڵ دۆڕان ئەویش لە یاریگای خۆیان لە ئۆڵترافۆرد کە ئەم ئەنجامە رکابەر و ململانێی خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگلتەرای بەهێزتر کرد لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە و شادبوونی هەوادەرانی یانەی مانچستەر یۆنایتد بەباشمانزانی لە فایلی وەرزشی بڵاوی بکەینەوە کە لە گۆڤاری سوپەری وەرزشی سازدراوە.**

*** ئەو کاتەی لە تەمموزی ساڵی (٢٠٠٦) گەیشتیە یاریگای ئۆلدترافۆرد و چاوەڕوانی ئەو پێشکەوتنەت دەکرد لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد؟**

- بە هیچ شێوەیەك پێشتر بیرم لەوە نەکردۆتەوە و کارەکانی من زۆر بە پەلە و خێرایی چووە پێش و چاودێرانیش چاوەڕوانی ئەم ئاستەی منیان نەدەکرد کە لە ماوەی چوار رۆژ تەواوم کرد، من لە یانەی سپارتاك مۆسکۆ هاتمە ئەم یانەیە کە پێشتر کەسم لێی نەدەناسی و یارییم لەگەڵیان نەکردبوو و دەستم بە مەشق کردن کرد و من دەمزانی بۆ کوێ دەچم و دەشمزانی ململانێیەکی زۆر بەهێزی لێ هەیە لە نێوان یانەکان، سەرەتا بڕوام نەبوو کە سەرکەوتنێکی باش وەردەگرم و واشی بۆ دەچووم کە وەکو یاریزانێکی سەرەکی بەشێوەیەکی رێك و پێك یاری بکەم، بەڵام بیرم لەوە کردەوە گەر بمەوێ ئاستم بەرز بێت و جەماوەریش لەخۆم رازی بکەم دەبێ مەشقێکی چڕ و پڕ و بەرنامە

ئەنجـــام بدەم و دوای شـــەش مانـــگ توانیم خۆم بســـەلمێنم و لە پێکهاتەی سەرەکی خۆم بدۆزمەوە.

*** دوای مانگێـــك پەیوەنـــدی کردنت بەنیاز بوویت کە یانـــەی مان یۆنایتد بەجێ بهێڵیت، بەڵام متمانەی تەواوی فێرگســـۆن بە تۆ وای لێکردیت رات بگۆڕیت، ئایـــا ئەمە هاندەرت بوو؟**

- مانەوەم لە چەند خاڵێـــك خۆی دەدۆزییەوە و لەوانە هاتـــم بۆ یانەیەکـــی بەناوبانگ لە یانەیەکی رووسی و دووەم یاریزانێکی وڵاتێکی بچووك سربیا کە هیچ دەستکەوتێکی وەرزشی نەبووە لەســـەر ئاســـتی هەڵبژاردە و یانەکان، سێیەم کەس پێشتر منی نەدەناسی وەکو هاندەر و راگەیاندنـــەکان و رۆژنامـــەکان تا دەگاتە یاریزانەکانیش بۆیە دەبێ من خۆم بســـلمەێنم لـــە یاریگا، دەبێ دان بەوەش بنێم کە ســـەرەتا پاڵەپەســـتۆیەکی زۆرم لەسەر بوو لە یارییەکان و لە کاتی ئەنجامدانی مەشـــقیش و بەراستی راهێنەریش بە تەواوی ئاشنای ءایتب من ببوو و پێی راگەیاندم و هانی دام کە من یاریزانێکی باشم و دەتوانم بەخێرایی شوێنی خۆم بکەمەوە، ئەوەش کارێکی باشی پێویستە چونکە خولێکی بەهێزی وەکو ئینگلتەرە بەشـــەو و رۆژێك پێك نایەت، فێرگســـۆن باش لە باری دەروونی من گەیشـــتبوو دەیزانی من بەخێرایی لە کەش و هەوای ئینگلتەرە رادێم.

*** لـــە هەفتەکانـــی دوایی خولـــی یانەکان مانچســـتەر یۆنایتد تووشی چەندین کۆسپ بوو، دەکرێ بزانین چـــی روویدا ئایا ئەمە لە زۆر ماندووبوون بوو وە یان کێشەتان هەبوو؟**

- بە تەئکیـــد لەم دواییدا راســـتە یانەکەمان تووشـــی هەندێ کێشە هات، بەڵام توانیمان بە هاوکاری یەکتر زاڵ بین بەسەر گشت کێشەکان ئەویش بـــە بوونی متمانە بەخۆمـــان و تەنیا بیرمان لەوە کردەوە کە لە یارییەکان سەرکەوتن بە دەســـت بهێنین و خاڵـــەکان کۆبکەینەوە تا بتوانین نازناوەکە ببەینەوە.

*** توانیت لە وەرزی ئەمســـاڵ ئاستێکی بەرز نیشان بدەیت گەیشتە (٪٩٠)، بەڵام لە یاری بەرامبـــەر لیڤەرپـــوول دوو هەڵـــەی گەورەت ئەنجامـــدا و بووە هـــۆی دۆڕاندنی یانەکەتان بـــە ئەنجامی (١-٤) گۆڵ، لەم یارییەدا چی روویدا و چ کێشەیەکت هەبوو؟**

- نەخێر هیچ کێشەیەکم نەبوو پێش یارییەکە و لە گۆڵی یەکەم تۆپەکە لە دووری (٤٠)مەتر هات و من بڕیارێکی هەڵەم وەرگرت سەرەڕای ئەوەی هیچ پاڵەپەستۆیەکم لەسەر نەبوو ویستم تۆپەکـــە بۆ یاریگای لیڤەرپـــوول بنێرم، بەڵام رام گـــۆڕی کۆنترۆڵم کـــرد و جارێکی دیکە ویستم بیگەڕێنمەوە بۆ گۆڵچی، بەڵام ڤان دێر سار ئاگادار نەبوو بەراستی هەڵەیەکی کوشندە بوو و ســـاتێکی ناخۆش بوو و یاریزان فرناندۆ تۆرێس ســـزایەکی توندی پێی گەیاندم، بەڵام ئەم هەڵەیە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە.

*** سەرەڕای ئاست بەرزیت لە وەرزی ئەمساڵ ســـێ کارتی ســـوورت وەرگرت، هەســـتت بە دڵگرانی نەکرد؟**

- نەخێر، هەستم بە دڵگرانی نەکرد لەبەر ئەوەی هەڵەی من گەورە و کوشـــندە نەبوو کە یاریزان تووشی شکست و پێکان بکەم و ئازارییان بدەم لە ژاپۆن لەمیانی یارییەکانی جامی جیهانی یانەکان لـــە دواوە یاریزانێکم بە توندی پاڵدا و لە جاری دووەم رێگام نەدا کە یاریزان گۆڵمان لێ تۆمار بـــکات، من بە بەردەوامی بیر لەوە دەکەمـــەوە دەبێ ببمە رێگر لەوەی کە گۆڵمان لێ تۆمار نەکرێ، ئەم هەڵوێســـتەش زۆر جار لە تۆپی پێی روودەدات و هەوڵ دەدەم جارێکی دیکە ئەم کارتانە دووبارە نەبێتەوە.

*** هەڵبژاردەی ســـربی سەرەتاییەکی باشی لە پاڵاوتنی جامی جیهانـــی هەبوو، ئایا بەرای تۆ ئەم ئاســـت بەرزیە بەردەوام دەبێت و دەگاتە مۆندیالی باشووری ئەفریقیای (٢٠١٠)؟**

- بە تەئکیـــد ســـەرەتاییەکی باش و دڵخۆشـــکەر بوو ئێمـــە متمانەیەکی تەواومان بە خۆمانەوە هەیە بۆیە دەبێ بە رێکوپێکی رێگاکە تەواو بکەین و بەهێزێکـــی پۆلایین بگەینە هەنگاوی کۆتایی و لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئـــاگاداری خۆمـــان بین لەخۆ بایی نەبین، ئەمە شتێکی باشە کۆمەڵە یاریزانێکی لاو و تەمەن بچووکمان هەیە لە هەڵبژاردەی ســـربیا کە دەتوانین ماوەی پێنج ســـاڵی دیکەش یاری بکەن و لە تواناشـــمان هەیە زۆر دەستکەوتی باش بە دەست بهێنیـــن چونکە ئێمە خۆشـــی و شـــادی و بەختەوەری بە جەماوەر دەبەخشـــین لە کاتی یاریکردنمان و زۆر گۆڵ تۆمار دەکەین و زۆربەی یاریزانەکانمـــان لە یانە بەناوبانگەکان یاری دەکەن و ناتوانم بڵێم ئێمە بە تەئکید دەگەینە مۆندیال، بەڵام بەشـــێوەیەکی راســـت و دروسـت لـــە بەرنامەکانمان بەردەوامیـــن، گەر هاتوو ســـەرکەوتین نابێ بـــەوەش رازی بیـــن تەنیا تیپێکی تەواوکەر بەشـــدار بوویـــن و ئێمە ئاواتمان لەوە زیاتر دەبێ و سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەمان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ تۆپی پێی سربیا.

*** بردنەوەتان لە رۆمانیا بە ئەنجامی (٣-٢) گـــۆڵ وا دەکات کە بەردێـــك دوو چۆلەکەتان کوشـــت، یەکەم رۆمانیا کە پاڵێوراوێکی بەهێز بوو لە ململانێ دوورتان خســـتەوە و دووەمیش هەنگاوێکـــی باشـــتان بڕی بۆ گەیشـــتن بە مۆندیالی (٢٠١٠)؟**

- بەڵێ، راستە ئەو سێ خاڵی لەگەڵ رۆمانیا بە دەســـتمان هێنا ئەنجامێکی زۆر باش بوو و نابێ لەخۆبایی بین هێشتا رێگا لە بەردەممان مـــاوە و نابێ ئەوەش لەبیـــر بکەین کە یاریی بەهێزمـــان ماوە و دەبێ لە بەلگراد لە رۆمانیا ببەینەوە و هەروەها لە لیتوانیاش ببیەنەوە و لە پایزی داهاتووش رووبەرووی فەرەنسا دەبینەوە و نابێ لە ئێســـتاوە دڵمـــان خۆش بێت و دەبێ خۆمان ماندوو بکەین.

*** حەز دەکەی لە مۆندیالی (٢٠١٠) بەشداری بکەیت لەبەر ئـــەوەی لە مۆندیالی رابردوو بە هۆی پێکانەوە بێبەش بوویت؟**

- بەراســـتی من لەو روانگـــەوە بیر ناکەمەوە، چونکە ئەمەش دەبێتە جۆرێك لە خۆپەرستی و من بەشێکم لەو هەڵبژاردەیە و ئێمە هەموومان بەناوی یـــەك وڵات یاری دەکەیـــن و ئاواتی هەموومان وڵاتەکەمان لە مۆندیال بەشـــداری بکات.

*** چ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو پرۆپاگەندانە کە باس لەوە دەکەن کە بچیتە یانەی میلان و هەواڵەکان وا دەڵێن بەشداری نانخواردنێکی ئێوارەت لەگەڵ پاولۆ ماڵدینی کردووە؟**



-نەخێر، ئەم هەواڵە لە راســـتی دوورە و لەگەڵ ماڵدینیش دانەنیشـــتووم، من یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتدم و دەمەوێ بڵێم بیرم لە رۆیشـــتن نەکردۆتەوە و پێویستیشـــم بەهیچ یانەیەکـــی دیکە نییە، ئاســـت بەرزیم لە وەرزی ئەمساڵ وای لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد کـــە گرنگی بە من بدەن و چیـــرۆك و پرۆپاگەندە بڵاوبکەنەوە.